سێ نزا وەڵامدەرێنەوە بە بێ هیچ گومانێک؛ لەوانەش نزای ستەملێکراو

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سێ نزا وەڵامدەرێنەوە بە بێ هیچ گومانێک؛ لەوانەش نزای ستەملێکراو، ونزای ڕێبوار، ونزای دایباب لەسەر منداڵەکانیان».

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

سێ نزا لە سێ کۆمەڵەوە گومان نیە لەوەی کە خوای گەورە وەڵامی دەداتەوە: نزای ستەملێکراو، ئەگەر ستەملێکراوەکە کافریش بێت وستەمی لێبکرێت، وپاشان نزا بکات ئەوا خوای گەورە نزاکەی وەڵامدەداتەوە، نزای ڕێبوار (موسافیر)؛ لە کاتی سەفەرەکەیدا ونزای دایک وباوک (دایباب)؛ ئەگەر نزا بۆ منداڵەکانی بکات یان نزایان لێبکات.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5909